زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر

كۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری

بەشی ئابووری

قۆناغی سێیەم

# گەشەپێدان و پلانی ئابووری

مامۆستای وانە

پ.ی.د.لقمان عثمان عمر

# گرفتی دواکەوتوویی ئابووری

سەرەتاکانی بەدیارکەوتنی گرفتی دواکەوتوویی ئابووری وەکو گرفتێکی ڕوون و ئاشکرا دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی نزیك ، سەرەڕای ئەوەی کە پێشتر دواکەوتوویی بوونی هەبووە ، بەلام ئاستەکانی بەرەوپێشچوونی ئابووری لە نێوان وڵاتاندا لەیەکەوە نزیك بوو ، وە جیاوازی لە نێوانیاندا زۆر گەورە نەبوو .

لێکۆلینەوەکانی ئابووری و ئامار ئاماژە بەوە دەکەن کە بارووددۆخی ئابووری زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوو دروست بووە لە دەرئەنجامی گەشەی ئابووریان بە تێکرای نزم لە ماوەیەکی درێژدا ( مەبەست ئەوەیە کە ماوەیەکی دوورودرێژ تێکرای گەشەی ئابووریان نزم بووە ) ، بەلام کۆمەلێك وڵات کە ژمارەیان کەمە لە وڵاتانی پێشکەوتوو توانیویانە دەستەبەری تێکرایەکی بەرز بکەن لە گەشەی ئابووری وە بە شێوەیەکی نیمچە بەردەوام ، لە دەرئەنجامی ئەمەدا دوو دیاردە پەیدابوون کە برینین لە :

یەکەم : بەرەوپێشچوونی خێرا کە وڵاتانی پێشکەوتوو توانیان دەستەبەری بکەن لەم ماوەیەدا لە هەموو بوارەکان لەوانە بواری ئابووری . بە تایبەتی ئەوەی کە روویدا لە بەرەو پێشچوونێکی خێرا لە پیشەسازی و تەکنەلۆژیا و کەڵەکە بوونی سەرمایەگوزاری و لێهاتوویی مرۆیی ... هتد

دووەم : دانانی کۆسپ لەبەرامبەر بەرەوپێشچوونی وڵاتانی تر کە ئێستا هەژمار دەکرێن لە وڵاتانی دواکەوتوو ، ئەویش خۆی دەبینێتەوە ( مەبەست لە کۆسپەکەیە ) لە سستکردنی بزاوتی بەرەوپێشچوون یاخود دانانی کۆسپ ، وە ڕێگانەدان بۆ سوود وەرگرتن لەو بەرەوپێشچوونانەی کە ڕوویانداوە لە بوارەکانی پیشەسازی و تەکنەلۆژی و زانستی و ... هتد

## هۆکارەکانی گرنگیدان لە گرفتی دواکەوتوویی ئابووری

هەستکردن بە گرفتەکانی دواکەوتویی ئابووری و پەیدابوونی بە شێوەیەکی ڕوون دەگەڕێتەوە ( یاخود دەستی پێکردووە ) بۆ دوای جەنگی جیهانی دووەم لەسەر هەموو ئاستەکانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی . وە ئەم گرفتە گرنگی زۆری پێدراوە لەلایەن لێکۆڵەرەوان ، وە لێکۆلینەوەی زۆریان ئەنجام داوە بۆ چارەسەر کردنی ئەو لایەنانەی کە پەیوەستن بەم گرفتەوە ، ئەمەش لە دەرئەنجامی چەند هۆکارێك ، لەوانە :

یەکەم : زیاد بوونی بزووتنەوەکانی ئازادی و سەربەخۆیی نیشتیمانی ، وە دەستەبەرکردنی ئازادی و سەربەخۆیی سیاسی لە زۆرێك لە وڵاتان .

دووەم : جێبەجێکردنی شێوازێکی نوێ لەلایەن وڵاتانی سۆشیالیستی لە بوارەکانی دەستەبەرکردنی گەشە پێدان کە پێشتر نەبوو ( مەبەست ئەوەیە کە شێوازەکە نەبوو ) ،ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە بەکارهێنانی پلان وەك هۆکارێك ( یاخود ئامرازێك ) بۆ دەستەبەرکردنی گەشە پێدان.

سێیەم : زیادبوونی وشیاری گەلانی وڵاتانی دواکەوتوو ، دوای هەستکردن بە نزمی ئاست کە دواکەوتوویی دروستی کردووە ( مەبەست لێی کەوتۆتەوە ) ، وە ئەو پاڵە پەستۆیە خرا پەی کە لێی کەوتۆتەوە لەسەر هاوڵاتیانی ئەو ولاتانەی کە دەناڵێنن بە دەست گرفتی دواکەوتویی .

چوارەم : دەستەبەرکردنی تێکراکانی بەرەوپێشچوون لە ولاتانی پێشکەوتوو کە خێراو گەورە بوو ، وایکرد جیاوازیەکی زۆر گەورە دروست ببێت لە نێوان هاوڵاتیانی وڵاتانی دواکەوتوو و هاوڵاتیانی وڵاتانی پێشکەوتوو لە ڕووی دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی ژیان .

پێنجەم: هەستکردنی وڵاتانی جیهان لەوانە وڵاتانی پێشەکەوتوو کە گرفتی دواکەوتوویی و کاریگەریەکانی لەسەر ئاستی جیهانی چ ئەوەی تاییەت بێت بە وڵاتانی دواکەوتوو یاخود وڵاتانی پێشکەوتوو لە میانەی پەیوەندیەکانی ئابووری کە بە یەکرتیانەوە دەبەستێتەوە چیتر پەسەند ناکرێت ( مەبەست ئەوەیە پەسەند نیە )، چ لەسەردەمی ئێستا یاخود لە داهاتوو ( بە مانایەکی تر دواکەوتوویی ئابووری لە بەرژەوەندیان نیە چونکە پەیوەندی بازرگانی ... هتد بە یەکتریان دەبەستێتەوە ) .

شەشەم : پەیدابوونی رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی بە تاییەتی نەتەوە یەکگرتوەکان و هیتر ، کە گرنگیەکی تاییەتی دەدات بە گرفتی دواکەوتوویی ئەویش بە ئامانجی دەستەبەرکردنی سۆز ( یاخود لایەنگری ) ئەو وڵاتانەی کە دەناڵێنن بە دەست گرفتی دواکەوتوویی ، چونکە ( یاخود لەبەر ئەوەی ) ئەو وڵاتانە بوونەتە بارگرانی لەسەر وڵاتانی پێشکەوتوو لە چوارچێوەی ئەو رێکخراوە ( ئەو رێکخراوانە ) ، ئەمە وایکردوە کە گرنگی بەو گرفتانە بدرێت کە وڵاتانی دواکەوتوو پێیەوە دەناڵێنن لە پێش هەموویان گرفتی دواکەوتوویی ئابووری .

حەوتەم : کێشمەکێشمی ( ململانیی ) نێوان سەربازگەی ( قوتابخانەی ) سۆشیالیستی و سەربازگەی ( قوتابخانەی )سەرمایەداری ، کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم شێوەی جەنگێکی ساردی بە خۆیەوە بینی ، ئەمە وایکرد کە هەردوو سەربازگە ( قوتابخانە-لەلایەن ) گرنگی بدەن بە گرفتەکانی وڵاتانی دواکەوتوو ، ئەویش بە ئامانجی

1. دەستەبەرکردنی سۆز ( یاخود لایەنگری ) وڵاتانی دواکەوتوو وە دڵنیابوون کە ئەو وڵاتانە لەگەڵیان دەوەستنەوە ( یاخود ڕووبەڕوو دەبنەوە ) لەگەڵ یەکێك لەم دوو سەربازگەیە ( قوتابخانە-لایەنە ) لە ململانێ دژی سەربازگەکەی تر ( قوتابخانەکەی تر –لایەنەکەی تر ) .
2. یاخود بە لایەنی کەم بێ لایەن بێت ( بێ لایەن بن ) ، وە دڵنیابوون لەوەی کە ئەم وڵاتە ( وڵاتانە ) لەگەڵ لایەنەکەی تر نابێت و ( نابن ) و دژایەتیت ناکات ( ناکەن ) لەم ململانێیە .

## پێناسەی دواکەوتوویی ئابووری

دیاریکردنی پێناسەیەك بۆ دواکەوتوویی ئابووری کە هەموو ئابورناسان لەسەری ڕێککەون کارێکی دژوارە ، چونکە گرفتی دواکەوتوویی گرفتێکە دەرهاویشتەی چەند هۆکارێك و لایەنێکە وەکو ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ، هەروەها ئالۆزە چونکە ئەم هۆکار و لایەنانە کاریگەریان لە نێوان هەیە ، بە مانایەکی تر هەریەکێکیان کاریگەری دروست دەکات و کاریگەری لەسەر دروست دەبێت بە هۆکارێکی تر ( یاخود بە هۆکارەکەی تر ) کە دواکەوتوویی لێ دەکەوێتەوە .

وەلەبەر ئەوەی جیاوازی هەیە لە بیروبۆچوونی ( یاخود دیدگای ) نووسەران ( یاخود ئابووریناسان ) بۆیە هەر یەکێکیان لە ڕوانگەیەکەوە سەیری گرفتی دواکەوتوویی دەکات ( یاخود کردووە )

### ئەمانەی خوارەوە چەند پێناسەیەکە بۆ گرفتی دواکەوتوویی ئابووری :

1. وڵاتی دواکەوتوو ئەو وڵاتەیە کە دەناڵێنێ بەدەست دەگمەنی ( دەگمەنیەکی زۆر ) لە بوونی سەرمایە .
2. وڵاتی دواکەوتوو ئەو وڵاتەیە کە دەناڵێنێ بە دەست کەمی ( موارد )ەکان بە شێوەیەکی گشتی وە ( موارد )ەکانی سروشتی بە شێوەیەکی تایبەتی یاخود بەکارهێنانی ( موارد )ەکان یاخود هەردووکیان ( مەبەست دەگمەنی و خراپیە لەیەك کاتدا ) .
3. وڵاتی دواکەوتوو ئەو وڵاتەیە کە بەرهەمی سەرەتایی بە ڕێژەیەکی گرنگ ( مەبەست بەرز) زاڵە ( مەبەست بەشداری دەکات ) لە بەرهەمی نەتەوەیی لە بەرامبەردا ڕێژەی بەشداریکردنی پیشەسازی گۆڕین لە بەرهەمی نەتەوەیی نزمە .
4. وڵاتی دواکەوتوو ئەو وڵاتەیە کە دەناڵێنی بەدەست دواکەوتوویی تەکنەلۆژیا ( مەبەست ئەوەیە کە ئاستی بەرهەمداری هونەرەکانی بەرهەمهێنانی نزمە بە جیاوازی پێکردن بە هەمان جۆر لە هونەرەکانی بەرهەمهێنان لە وڵاتانی تر ) .

5. وڵاتی دواکەوتوو ئەو وڵاتەیە کە بۆ دانیشتوانەکەی زۆر کەمتر ( کەمتر ) لە پێداویستەکان دەستەبەر دەکات ( دابین دەکات ) لەوەی کە هەیە لە ولاتانی پێشکەوتوو ( مەبەست ئەوەیە کە بڕی دابینکردنی پێداویستیەکانی دانیشتوان زۆر کەمترە لەو بڕەی کە دابین دەکرێت بۆ دانیشتوانی وڵاتانی پێشکەوتوو ) .

**چەند زاراوەیەك كە بەكارهێنراوە بۆ وڵاتانی دواكەوتوو :**

چەند زاراوەیەك هەیە كە بەكارهێنراوە بۆ وەسفكردنی وڵاتانی دواكەوتوو ، لەوانە ﴿( وڵاتانی دواكەوتوو ( دواكەوتوو بەكاردەهێنرێت بۆ هەردوو زاراوەی ( المتأخرة ، المتخلفة )ەی زمانی عەرەبی )، وڵاتانی تازەپێگەیشتوو ، وڵاتانی كەمتر پێشكەوتوو ، وڵاتانی هەژار ، وڵاتانی جیهانی سێیەم ، وڵاتانی جیهانی چوارەم ﴾ .

## پێوەرەكانی دواكەوتوویی ئابووری

كارێكی دژوارە كە چەند پێوەرێكی دیاریكراو دابنرێت بۆ دیاردەی دواكەوتوویی ئەویش لەبەر ئەوەی ئەم دیاردەیە دەرهاوێشتەی چەند هۆكارێك و لایەنێكە هەروەها ئاڵۆزە هەروەكو پێشتر ئاماژەی پێكرا ( سەیری سەرەتای پێناسەی دواكەوتوویی بكە ) ، لەبەر ئەوە ئابووریناسان ڕێك نەكەوتوون لەسەر پێوەرێكی دیاریكراو بۆ جیاكردنەوە لە نێوان وڵاتانی دواكەوتوو و وڵاتانی پێشكەوتوو ، بەڵام بە گشتی چەند پێوەرێك هەیە دەتوانرێت بەكاربهێنرێت بۆ ئەم جیاكردنەوەیە ، وەكو :

1. ڕێژەی بەشداریكردنی بەرهەمهێنانی پیشەسازی / گۆڕین لە پێكهێنانی بەرهەمی نەتەوەیی و داهاتی نەتەوەیی .
2. ڕێژەی بەگەرخراوان ( مەبەست لە دەستی كارە ) لە بەرهەمهێنانی پیشەسازی /گۆڕین .
3. بەشی تاك لە خزمەتگوزاریەكانی فێركردن و تەندروستی و وزە .
4. تێكڕای داهاتی ڕاستەقینەی تاك .

### شیكردنەوەی ڕەهەندەكانی پەیوەست بە پێوەری تێكڕای داهاتی ڕاستەقینەی تاك

بە ئامانجی جیاكردنەوە لە نێوان وڵاتانی دواكەوتوو و وڵاتانی پێشكەوتوو لە سەرەتا ئابووریناس سیمون كزنتس پێشنیاری كرد كە هێڵی جیاكردنەوە لە نێوان وڵاتانی دواكەوتوو و وڵاتانی پێشكەوتوو بریتی بێت لە تێكڕای داهات بە بڕی ( 1000 ) دولار بۆ هەر تاكێك لە ساڵێك ( مەبەست ساڵانە ) ، وە بە گوێرەی ئەمە ئەوا نزیكەی سێ لەسەر چواری دانیشتوان لە جیهان لە دواكەوتوویی ئابووری دەژین ( دەژیان ) ، بەڵام چاوخشاندنەوە كرا بەسەر ئەم هێڵە ( لەبەر چەند هۆكارێك ) لە ( 1000 )دۆلار بۆ ( 500 ) دۆلار –مەبەست كرا بە 500 ( هەروەها لەبەر چەند هۆكارێك ) ، واتە وڵاتان دواكەوتوون كاتێك بەشی تاك لە داهاتی نەتەوەیی كەمتر

**دەبێتەوە ( کەمترە ) لە چارەکی تێکرای بەشی تاك لە داهاتی نەتەوەیی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا 2000 دۆلاری تێنە پەڕاندبوو – مەبەست زیاتر نەبوو لە 2000 دۆلار ). لەبەر ئەوە ئەو وڵاتانەی کە تێکڕای داهاتی تاك تیایا لە ( 500 ) دۆلار کەمتر بێت ئەوا هەژمار دەکرێت لە وڵاتی دواکەوتوو .**

**لە ساڵی 1991 بانکی نێودەولەتی ڕا پۆرتی ساڵانەی خۆی پێشکەشکرد تیایا ئاماژەی کردووە بە دابەشکردنی کۆمەڵێك وڵات کە گەشەیان کردووە بۆ دوو ئاست لەسەر بنەمای تێکڕای کۆی بەرهەمی نەتەوەیی بۆ ساڵی 1991، ئەویش ئەو وڵاتانەی کە داهاتیان نزمە وە ئەو وڵاتانەی کە داهاتیان مام ناوەندیە ، وە بەم شێوەیە :**

A. **ئەو وڵاتانەی داهاتیان نزمە : ئەوانەن کە داهاتی تاك ساڵانە نزمترە لە 635 دۆلار .**
B. **ئەو وڵاتانەی داهاتیان مام ناوەندیە : ئەوانەن کە داهاتی تاك ساڵانە لە نێوان 635 دۆلارە تا دەگاتە 7911 دۆلار .**
C. **ئەو وڵاتانەی داهاتیان بەرزە : ئەوانەن کە داهاتی تاك ساڵانە زیاترە لەم ئاستە ( مەبەست ئەوەیە زیاترە لە 7911 دۆلار ) .**

## نەنگیەکانی ( ڕەخنەکانی ) پێوەری تێکڕای داهاتی ڕاستەقینەی تاك

1. **بوونی جیاوازی لە دیاریکردنی نرخەکانی گۆڕینەوەی دراو بۆ یەك دراو ( لەوانە دۆلار ) .**
2. **بوونی جیاوازی لە هەژمارکردنی داهاتی نەتەوەیی ، هەندێك وڵات نرخی جێگیر ڕەچاو دەکات ( بەکاردەهێنێت ) بۆ کاڵا و خزمەتگوزاریەکان لە کاتی هەژمارکردنی داهاتی نەتەوەیی ( جگە لە وڵاتانی سۆشیالیستی ) ، هەروەها هەندێك وڵات داهاتەکانی بوارەکانی خزمەتگوزاری دوور دەخاتەوە ( مەبەست هەژمار ناکات ) کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان نیە بە چالاکی بەرهەمهێنان وەك خزمەتگوزاریەکانی فێرکردن و تەندروستی ...هتد ( وەکو وڵاتانی سۆشیالیستی ) .**
3. **گرفتی پلەی ووردبینی ( مەبەست کەمی ووردبینی ) لە ئامارەکانی تایبەت بە داهات لە هەندێك ولات ، ئەویش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە :**

A. **زۆرێك لە پرۆژەکان قەبارەیان بچووکە ، وە تۆماریان نیە ( مەبەست لە تۆماری بڕگەکانی تێچوون و داهاتە ) بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەسترێت بۆ دیاری کردنی بڕی داهاتەکەی .**
B. **لاوازی لە ووردبینی تۆمارکردنی چالاکیەکانی ( ئەمە لە کاتێك ئەگەر تۆماریشیان هەبێت ) . ئەویش لەبەر ئەوەی دەستکاری تۆمارەکان دەکرێت ( مەبەست ئەوەیە ژمارەکان بە ڕاست و دروستی تۆمار ناکرێت جا چ لەبەر ئیرەیی کۆمەڵایەتی - الحسد الاجتماعی - بێت یاخود بۆ ڕاکردن - خۆدزینەوە لە پێدانی باجی داهات ).**

C. سیستەمی باج پێشکەوتوو نیە و دەزگای باج لاوازە لە لایەنی کادر و لێهاتوویی، ئەمەش وادەکات ئاستی لێهاتوویی نزم بێتەوە دوایش وا دەکات ئەو بڕە داهاتەی کە دەمانەوێت پێی بگەین ( دەستمان کەوێت ) کەمتر بێت لەوەی کە دەبوایە پێی بگەین ( دەستمان بکەوێت )

D. زۆربەی داهاتەکانی بەرهەمی کشت و کاڵی کە بە ڕێژەیەکی گرنگ ( بەرز ) بەشداری دەکات لە پێکهێنانی داهاتی نەتەوەیی ( لە هەندێك لە وڵاتان ) جوتیارەکان خۆیان دەبن بە بەکاربەری ( خۆیان بەکاری دەهێنن ) وە ئەو بڕە بەروبوومەی کە لە بازاڕدا فرۆشتنی بۆ دەکرێت سنورداره بۆیە دیاریکردنی ئەو بڕەی کە جوتیارەکان خۆیان بەکاری دەهێنن کارێکی دژوارە تاوەکو هەژمار بکرێت لە تۆمارەکانی داهات .

E. بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەندێك لە وڵاتان ( مەبەست زیاتر لە وڵاتانی دواکەوتووە ) وایکردووە کە ژنان ( ئافرەتان ) زۆرێك لە چالاکیەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری ماڵەوە ئەنجام دەدەن وە هەژماریش ناکرێن لە داهاتی نەتەوەیی ، ئەویش لەبەر دژواری دیاریکردنی چالاکیەکان و هەڵسەنگاندنی و پاشان هەژمارکردنی چونکە ناچێتە نێو ئاڵوگۆڕ ( مەبەست ئەوەیە ناچێتە بازاڕ تاوەکو بڕی خستنەڕوو و خواستی دیاری بکرێت ) وە لە بەرامبەر ئەم چالاکیانە نرخ دیاری ناکرێت .

4. گرفتی دیاری کردنی نرخەکان : هەندێك وڵات چالاکی دیاری کردنی نرخەکان بە جێدەهێڵێت بۆ بازاڕ ، مەبەست ئەوەیە هێزەکانی خستنە ڕوو و خواست نرخەکان دیاری دەکات ( وەك ئەوەی هەیە لە وڵاتانی سەرمایەداری ) بەڵام هەندێك وڵات خۆی نرخەکان دیاری دەکات بە شێوەیەك لەوانەیە نرخەکان زیاتر بێت یاخود کەمتر بێت لە نرخی ڕاستەقینە ، ئەمە وا دەکات جیاوازی کردن لە نێوان داهاتی دوو وڵات ( کە یەك بنەمایان نیە پشتی پێ ببەستن بۆ هەژمارکردنی نرخەکان ) ووردبین نەبێت ( مەبەست ئەوەیە جیاوازیەکە لە جێی خۆی نەبێت ).

5. ئەگەر وڵاتێك داهاتی نەتەوەیی و تێکڕای داهاتی تاکە کەسی بەرز ببێتەوە ، ئەوا دەکرێت بپرسین ( یاخود پرسیارێك دێتە ئاراوە ) ، ئەویش بریتیە لە : ئایا دابەشکردنی داهاتی نەتەوەیی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە کراوە ( دەکرێت ) یان خراپی هەیە ( نادادپەروەری هەیە ) لە دابەشکردنی داهاتی نەتەوەیی ؟ بە مانایەکی تر ئایا توێژێکی ( چینێکی ) بچووك ( کەم ) لە دانیشتوان زۆربەی داهاتی نەتەوەییان دەست دەکەوێت لە بەرامبەر توێژێکی ( چینێکی ) گەورە ( زۆر ) لە دانیشتوان کە تەنها بڕێکی سنوردار ( بڕێکی کەم ) لە داهاتی نەتەوەییان دەست دەکەوێت ؟

# دیاردەکانی دواکەوتوویی ئابووری

ئەوانەی ( مەبەست لە ئابووریناسانە ) کە گرنگی دەدەن بە کاروبارەکانی گەشەپێدانی ئابووری جیاکاریان کردووە بە دوو جۆر لە دیاردەکان ئەوانیش :

## یەکەم دیاردەکانی ئابووری بۆ دواکەوتوویی

1. پسپۆڕی لە بەرهەمهێنانی کەرەستەی سەرەتایی :

ئابووری وڵاتانی جیهانی دواکەوتوو ( یاخود تازە پێگەیشتوو ) تایبەتمەندە بە پسپوڕی بەرهەمهێنانی کەرەستەی سەرەتایی بە تایبەت دەرهێنان ( مەبەست دەرهێنانی کەرەستەی سەرەتاییە لە ژێر خاکدا ) . یاخود ئابووریەکەی وەستاوە ( مەبەست پشت دەبەستێت ) لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی دواکەوتوو ( مەبەست ئەوەیە بەرهەمی کشتوکاڵی پشت بە هونەری بەرهەمهێنانی دواکەوتوو دەبەستێت ) وە لە تایبەتمەندیەکانی تری ئەم ئابووریە ( مەبەست لایەنی کشتوکاڵیەکە ) ئەوە زۆری ژمارەی ئەو کرێکارانەی ( جوتیارانەی ) کە لە کەرتی کشتوکاڵی کاردەکەن کە خۆی دەبینێتەوە لە بێکاری شاراوە ، ئەمەش ئاماژەیەکە کە بەرهەمداری سنوورەکی بۆ جوتیارەکان زۆر نزمە لەم وڵاتانەدا ، وە ئەگەر ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوانی کشتوکاڵی ( مەبەست لە جوتیارەکانە ) بگوازرێنەوە بۆ کەرتەکانی تر ئەوە نابێتە هۆی کەم بوونەوەی کۆی بەرهەمی کشتوکاڵی . هەروەها کەڵەکەبوونی سەرمایەی زۆر کەمە ئەویش بە هۆکاری دەستبەسەرداگرتنی چینی مشەخۆرەکان لەسەر زێدەی ئابووری ( مەبەست ئەو بڕە سەرمایەیە کە زیاد دەبێت ) ، وە بە هۆکاری ئەو خەرجیەی کە لە بەکاربردن ئەنجام دەدرێت بە شێوەیەک کە زێدەڕۆیی تیایا ( مەبەست ئەوەیە زیاد لە پێویستە ) ، وە هەروەها ئەو خەرجیانەی کە بەرهەمهێن نین ( مەبەست ئەوەیە کە سەرمایەکان کەمتر ئاراستەی وەبەرهێنان دەکرێت ) .

ئەو پرسیارەی کە لێرەدا دروست دەبێت ئەوەیە : هۆکارەکانی پسپۆڕی بوون لە بەرهەمهێنانی کەرەستەی سەرەتایی چین ؟ دەتوانین هەموو هۆکارەکانی پسپۆڕی بوون کۆبکەینەوە لە بوونی فرەیی لە خستنەرووی ( موارد ) ەکانی سروشتی لەوانە زەوی هەروها بوونی فرەیی لە خستنەڕووی توخمی کار ( دەستی کار ).

وە ئەوەی پەیوەستە بە پیشەسازی دەرهێنان ، ئەوە چەند وڵاتێك هەیە ئەم پیشەسازیە ( مەبەست لە بڕی بەرهەمەکەیەتی ) دەستی گرتووە ( مەبەست بەشداری دەکات ) بەسەر ڕێژەیەکی زۆر لە ناردەنیەکانی وە لە داهاتی نەتەوەیی . بەڵام لێرە پرسیارێك هەیە ئەویش بریتیە لە : بۆچی ئەم پیشەسازیە ( پیشەسازی دەرهێنان ) لە زۆرێك لە وڵاتانی داکەوتوو لە ژێر دەستی کۆمپانیاکانی بیانیە ، وە پەیوەستە بە وڵاتانی ئەم کۆمپانیایانە کە بە زۆری وڵاتانی پێشکەوتوون ، وە بەرهەمهێنانی

پیشەسازی دەرهێنان بەزۆری ( مەبەست زۆربەی ) ناردەنی دەکرێت بە شێوەی کەرەستەی سەرەتایی ( یاخود خاو ) بێ ئەوەی لە ناوخۆی وڵاتی دواکەوتوو بە پیشەسازی بکرێت . ( مەبەست بەرهەمی لێ دروست بکرێت ) وە سوودی لێوەرناگیرێت بۆ دەستەبەرکردنی بەهای زێدەکی کە لە چالاکیەکانی بە پیشەسازی کردن و گواستنەوەو بە بازاڕکردن ئەم بەهای زێدەکیە دەستەبەردەکرێت بەم شێوەیە کۆمپانیاکانی بیانی دەست دەگرن بەسەر تەواوی بەهای زێدەکی کە لە قۆناخەکانی دواى بەرهەمی سەرەتایی دەستەبەر دەکرێت ؟

هەندێك وای دەبینن ( پێیان وایە ) کە هۆکاری ( یاخود هۆکارەکانی ) دەست بەسەرداگرتنی کۆمپانیاکانی بیانی لەسەر پیشەسازی دەرهێنان دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە وڵاتانی دواکەوتوو شارەزایی و سەرمایە و دەستی کاری لێهاتوو و تواناکانی کارگێری و رێکخستن و لاوازی گیانی ڕووبەڕووبونەوەی ترسناکیەکانی ئەم پیشەسازیەیان لە ڕووی زیان و قازانجەوە نیە .

2. گەشەی ئابووری نارێك : ئابووری وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بە زۆری ( زۆربەی ) نارێکە ، ئەویش بە هۆکاری بوونی پاشکۆیەتی ئابووری بە ئاراستەی ئابووری جیهانی ( مەبەست ئابووری وڵاتانی پێشکەوتووە ) ، ئەمەش دەبێتە ( ئەم پاشکۆیەتیە ) هاندان و برەودان بۆ ئەو کەرتانەی کە بەرهەمی کەرەستەی سەرەتایی دەکەن کە پیشەسازی سەرمایەداری پێشکەوتوو ( وڵاتانی پێشکەوتوو ) پێویستیان پێیەتی ، بەڵام کەرتەکانی تری ئابووری بەبێ چاودێری دەمێنێتەوە ( مەبەست ئەوەیە کە گرنگی زۆریان پێ نادرێت ) ، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی ئابووریەك کە دووفاقی – دوانە ( مزدوج ) بێت ، مەبەست ئەوەیە لە لایەك کەرتێکی سەرمایەداری پێشکەوتوو هەیە کە بەرهەم دەهێنێت بە ئامانجی ناردەنی کردن وەکو پیشەسازیەکانی دەرهێنانی نەوت و گاز و فۆسفات و تەنەکە زێڕ... یاخود پیشەسازی کۆکردنەوە ( مەبەست ئەوەیە پارچەکانی کاڵایەك لە دەرەوە دروست دەکرێت. بەڵام لە ناوخۆ تەنها ئەو پارچانە کرداری بەیەکەوە بەستنیان بۆ دەکرێت ) وە یاخود تەواوکاری ( مەبەست ئەوەیە کە هەندێك لە کاڵاکان بەشێك لە پێکهاتەکانی لە دەرەوە دروست دەکرێت بەشێکیشی لە ناوەخۆی وڵاتانی دواکەوتوو تەواو دەکرێت ) بۆ ئەو پیشەسازیانەی کە لە وڵاتانی سەرمایەداری دا هەن ، وە لەم کارەدا وڵاتانی سەرمایەداری سوود وەردەگرن لە نزمی ( هەرزانی ) تێچوونی دەستی کار و کەرستەی خاوی وڵاتانی دواکەوتوو ، شان بە شانی ئەم کەرتە کەرتێکی تر هەیە بەرهەم دەهێنێت بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی وە هۆکارەکانی بەرهەم هێنان تیایا سەرەتایین ( یاخود ساکارن ) وە ئاستی تەکنەلۆجی تیایا نزمە ، بۆیە بەم شێوەیە ئابووری ئەم وڵاتانە بە نارێکی دەردەکەوێت .

بەڵام گرنگترین ( دیارترین ) کاریگەرییەکانی گەشەی ئابووری نارێك بریتیە لە : کاریگەری لەسەر پاشەکەوت و وەبەرهێنان ، چونکە : کەرتی سەرمایەداری پێشکەوتوو ( یاخود پیشەسازیەکانی دەرهێنان ) بە هۆکاری ئەو سروشتەی کە هەیەتی ( مەبەست لە ڕووی پێداویستیەکانی بەرهەمهێنان

...هتد )، وە لەبەر ئەوەی کارکردن تیایا لە چوارچێوەی پاشکۆیەتی بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ، ئەمە وادەکات ئەو داهاتەی کە دەستەبەر دەکرێت ( ئەگەرچی ڕێژەکەشی بەرزە ) نەچێت بۆ پاشەکەوتی ئابووری ناوخۆیی ( ئابووری وڵاتانی دواکەوتوو ) ، بەڵکو ئەوەی دەستەبەردەکرێت لە داهات دەبێتە خەرجی بەکاربردن ، چونکە زۆربەی داهاتەکان کە لەم کەرتە دەستەبەر دەکرێت دەگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیاکانی بیانی و ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت ، وە زۆربەی ناچێت بۆ وەبەرهێنانی ناوخۆ، هەروەها ئەو داهاتەی کە کرێکارەکانی بیانی لەم کۆمپانیایانە دەستەبەری دەکەن زۆربەی ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت ، وە ئەو بەشەی کە لە داهاتەکانیشیان خەرجی دەکەن بۆ بەکاربردن لەسەر کاڵای بیانی هاوردەکراوە بە حوکمی ئەوەی ئەم کرێکارانە فێری بەکاربردنی ئەم کاڵایانەن وە ئابووری ناوخۆیی ( مەبەست وڵاتانی دواکەوتووە ) هەژارە ( یاخود ناتوانێت ) ئەم جۆرە کاڵایانە بەرهەم بهێنێت ( مەبەست ئەوەیە بە زۆری – وەکو ڕێژە – ئەم کاڵایانەی پێ بەرهەم نایەت ) ، هەروەها ئەو کەسانەی کە خەڵکی وڵاتانی دواکەوتوون و لەم کەرتە لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان کاردەکەن لاسایی کرێکارەکانی بیانی دەکەنەوە لە بەکاربردنی کاڵای هاوردەکراو ( مەبەست ئەوەیە وەکو ئەوان کاڵای هاوردە بەکاردەبەن ) ، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو داهاتەی دەستی حکومەتەکانی وڵاتانی داوکەوتوو دەکەوێت لە کەرتی پیشەسازی دەرهێنان لە بەرامبەر دەرهێنان و بەکارهێنانی سامانە سروشتیەکانی وە تایبەتی لە کانزاکانی ، ئەوە ئەویش خەرج دەکرێت لەسەر هاوردەکردنی کاڵاکان لە دەرەوە کە زۆربەیان کاڵای بەکاربردنن ، لە دواییدا ئەو داهاتەی کە دەستی کەوتووە بەشداری ناکات لە پێکهێنانی پاشەکەوتەکان و وەبەرهێنەکان بە ڕێژەیەکی بەرز لە ئابووری ناوخۆیی وڵاتانی دواکەوتوو .

هەروها ئەو کەرتەی کە بەرهەم دەهێنێت بۆ بەکاربردنی ناوخۆیی ئەویش بەشداری ناکات لە دەستەبەرکردنی پاشەکەوتەکان و وەبەرهێنەکان بە ڕێژەیەکی بەرز ئەویش لەبەر ئەوەی چەند توێژێکی دیاریکراو دەستیان گرتووە بەسەر ئەم کەرتە ئەمەش وادەکات کە دەست بگرن بەسەر زۆربەی داهاتەکان کە لەم کەرتە دەستەبەردەکرێت وە داهاتەکە بەرن بە ئاراستەی بوارەکانی ( خەرجیەکان ) بەکاربردن ( مەبەست خەرجی بەکاربردنە ) کە زۆربەی ئەم خەرجیانە لە بەکاربردن خەرجی خۆشگوزەرانی و خەرجی خۆهەڵکێشانە ( شانازی بە خۆوە کردن ) ، بە تایبەتی زۆربەی کاڵاکانی بەکاربردن کاڵای هاوردەکراون ، ئەمەش نابێتە یارمەتیدەر ( هاندەر ) بۆ دەستەبەرکردنی پاشەکەوتەکان و وەبەرهێنەکان کە گرنگن ( مەبەست ئەو وەبەرهێنانانەی کە ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە برەودان بە چالاکیەکانی ئابووری ) ، وە نمونەی ئەو توێژانەی کە دەستیان گرتوە بەسەر ڕێژەیەکی زۆر ( ڕێژەیەکی بەرز ) لە داهات خاوەن زەویەکان (مەبەست ئەوانەی کە زەوی زۆریان هەیە ) و بازرگانەکان و جامبازەکانن کە داهاتەکانیان بەکارناهێنن لە بوارەکانی وەبەرهێنانی ڕاستەقینە ، ئەمە و زۆربەی دانیشتوانەکەی تر لەم کەرتە تەنها داهاتێکی

زۆر کەمیان دەست دەکەوێت کە تەنها لەوانیە بەشی پڕکردنەوەی (دابینکردنی) پێداویستیەکانی بەکاربردنیان بکات ، دوایش ناتوانرێت پاشەکەوتەکان و وەبەرهێنەکان کە زۆر گرنگە دەستەبەربکرێت.

هەروەها کاریگەری خراپی تر هەن بۆ گەشەی ئابووری ناڕێك لەسەر هەریەك لە ( قەبارەی بازاڕ ( نابێتە هۆی بەرفراوان بوونی بازاڕی ناوخۆ ) ، دانیشتوان و بەگەڕخستن ( زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و جۆری دانیشتوان – نابێتە یارمەتیدەر یاخود هاندەربۆ دەستەبەرکردنی لێهاتوویی لە بەرهەمداری پێشکەوتوو – وە نابێتە یارمەتیدەر یاخود هاندەر بۆ بەگەڕخستنی ڕێژەیەکی گرنگ- زۆر – لەدەستی کاری ناوخۆ ).

3. لاوازی بنکەی –بنچینەی- پیشەسازی : ئابووری وڵاتانی دواکەوتوو بنکەیەکی پیشەسازی ( پیشەسازی گۆڕینی ) لێهاتووی نیە بۆ ئابووری نیشتیمانی، ئەمە وادەکات توانا نەبێت لەسەر لە خۆگرتنی ئەو زێدەیەی کە لە دەستی کاردا هەیە لە کەرتی کشت وکاڵی (مەبەست ئەوەیە پیشەسازی گۆڕین ناتوانێت هەلی کار بڕەخسێنێت بۆ ئەو دەستی کارەی کە زیادە لە کەرتی کشتوکاڵی) . وە دەتوانرێت ئەم لاوازیە بەرجەستە بکرێت ( بەدیار بکەوێت ) زۆر بە ڕوونی لە میانەی چەند ئاماژەیەکی ئابووری گرنگ لەوانە :
   A. نزمی بەشداری کردنی کەرتی پیشەسازی ( گۆڕین ) لە کۆی بەرهەمی نەتەوەیی .
   B. نزمی ڕێژەی ژمارەی کرێکارەکانی پیشەسازی بە پێوانەکردن ( بە جیاوازی کردن ) بەکۆی ژمارەی دەستی کار( هێزی کار) لەم وڵاتانە ( وڵاتانی داوکەوتوو ) .
   C. بچووکی قەبارەی دامەزراوەکانی پیشەسازی کە وادەکات وڵاتانی دواکەوتوو بێبەش بن لە هەلی سوود وەرگرتن لە لایەنە باشیەکانی بەرهەمهێنانی گەورە یاخود فرەییەکانی قەبارە ( مەبەست قەبارەی پرۆژە گەورەکانە ) .
   D. نزمی ئاستی بەرهەمداری کرێکاری پیشەسازی .

4. جیاوازی ( دوورکەوتنەوەی ) هەرێمایەتی : ئابووری وڵاتانی دواکەوتوو بە جیاوازی هەرێمایەتی وەسف دەکرێت ، ئەویش لەبەر سەروەری ( زاڵبوونی ) کەرتی کشتوکاڵی دواکەوتوو لەسەر لایەنێکی گەورە ( بەشێکی زۆر ) لە ئابورری ئەو وڵاتانە ، بەڵام دامەزراوەکانی پیشەسازی و بازرگانی جەخت دەکەنەوە ( مەیەست بوونیان هەیە ) لە پایتەختەکان و هەندێك شاری گرنگ وەکو بەندەرەکان .

لەبەر ئەوە دەبینین کە هەندێك ناوچە لەیەك وڵاتدا ( مەبەست هەر لە وڵاتیکدا ) پێشکەوتووە ، بەڵام دەبینین زۆر ناوچە هەیە دواکەوتووە ، هەروەها کێشمەکێشمی بنەچەیی و زۆری جەنگەکان و کارەساتە سروشتیەکان ڕۆڵێکی تر دەبینن لە قوڵکردنەوەی ئەم جیاوازیە لە زۆرێك لەم وڵاتانە بە تاییەتی لە بەرازیل و نێجیریا وە جیاوازیەکانی هەرێمایەتی لەم وڵاتانە لە خراپترین شێوەکانی جیاوازیە لە جیهان .

5. **لاوازی کەڵەکەبوونی سەرمایە : ئەم دیاردەیە دادەنرێت لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ئابووری بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو ، وە ئەو شێوازانەی ( هۆکارانەی ) کە دەبێتە نزمبوونەوەی ئاستی کەڵەکەبوونی سەرمایە بۆ ئەم وڵاتانە زۆرن، لە گرنگترینیان : خراپی دابەشکردنی زێدەیی ئابووری، ئەمە مانای ئەوەیە کە هەر ئاستێك بۆ زێدەیی ئابووری دەستەبەربکرێت لەلایەن وڵاتانی تازەپێگەیشتوو ئەوە ڕێگای ڕاست وەرناگرێت بەرەو وەبەرهێنان، بەڵکو بەشێکی گرنگی ( زۆری ) دەچێت بۆ بەکاربردن کە زێدەڕۆیی تێدا دەکرێت ( یاخود خەرجی زۆر پێویست نین ) ، وە بەهۆی دزەکردنی ( یاخود لادانی ) بەشێکی زۆری ئەم زێدەڕۆییە دەگەڕێتەوە بۆ بەرەو چوونیەتی ( ڕۆیشتنیەتی ) بۆ دەرەوەی وڵات ، هەروەها بەرزی ڕێژەی خەرجی حکومەت لە دەرئەنجامی بەرفروانبوونی کەرتەکانی حکومی ، هەموو ئەمانە ڕێگرن ( یاخود بەربەستن ) بۆ ئەوەی ئاستێکی گونجاو دەستەبەر بکرێت بۆ کەڵەکەبوونی سەرمایە .**
6. **نا هاوسەنگی( لەنگی- لاسەنگی ) پەیکەری ناردەنی : وڵاتانی دواکەوتوو دەناڵێنن بەدەست دیاردەیەکی ڕوون ئەویش بازرگانی دەرەکیە کە گرنگیەکی گەورەی هەیە لە ئابووریەکەی، وە داهاتی بازرگانی دەرەکی وایکردووە کە ببێتە هۆکارێکی کاریگەر وە بەشێوەیەکی گرنگ ( زۆر ) لە چالاکیەکانی ئابووری و برەودانی چالاکیەکانی، وە ئەم حاڵەتە لە وڵاتانی دواکەوتوو لەگەڵ هەندێك لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە یەك دەچن لە ڕووی ئەوەی کە بازرگانی دەرەکی گرنگیەکی گەورەی هەیە لە ئابووریەکەی کە خۆی دەبینێتەوە لە بەشداریکردن لە داهاتی نەتەوەیی بە ڕێژەیەکی بەرز ، بەڵام چەند جیاوازیەکی ڕوون ( یاخود گەورە ) هەیە لە نێوان بازرگانی دەرەکی وڵاتانی دواکەوتوو لەگەڵ بازرگانی دەرەکی وڵاتانی پێشکەوتوو، ئەویش ئەوەیە ناردەنیەکان هەروەها هاوەردەکانیش هەمە جۆرن تا ڕادەیەکی گەورە ( زۆر) لە وڵاتانی پێشکەوتوو ، بەڵام ناردەنیەکانی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو هەمە جۆری تێدا نیە تا ڕادەیەکی گەورە ( زۆر ) ، وە پشت بە چەند کاڵایەکی سنوردار دەبەستن لە ڕووی جۆرەوە ، وە بەزۆری یەك کاڵایە یاخود دوو کاڵایە وە یاخود سێ کاڵایە ، وە نەبوونی هەمەجۆری لە ناردەنیەکان پێی دەوترێت ناهاوسەنگی پەیکەری ناردەنی کە دەبێتە هۆی ڕوودانی بەرزی و نزمی گەورە لە ئابووری ئەم وڵاتانە کاتێك ناردەنیەکانیان لە کاڵایەکی دیاریکراو ڕووبەڕووی بارودۆخێك دەبێتەوە کە وادەکات ئەو بڕەی ناردەنی دەکرێت کەم ببێتەوە یاخود بەهاکەی کەم ببێتەوە ، لەبەر ئەوەی ناردەنی هەر کاڵایەك بە ڕێژەیەکی گەورە بەشداری دەکات لە کۆی ناردەنیەکان وە توانای قەرەبووکردنەوە بۆ کاڵایەکی دیاریکراو بە ناردەنی کردنی کاڵایەکی تر نزمە جا چ لە ڕێگای جێگرتنەوە یاخود لە ڕێگای هاوردەکردن بێت ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هەمەجۆری چالاکیەکانی بەرهەمهێنان و ناهاوسەنگی پەیکەری بەرهەمهێنان و خامۆشی ( بێجوڵەی ) ئەم چالاکیانە و لاوازی پلەی بەرەو پێشچوون لەم وڵاتانە ، لە کاتێکدا وڵاتانی پێشکەوتوو ناناڵێنن بەم دیاردەیە ، وە کاریگەری نزمبوونەوە لە ناردەنیەکان کەمە لە هەرکاڵایەك لە کاڵاکان کە ناردەنی دەکات ، ئەویش لەبەر ئەوەی ناردەنی کردنی لە هەر کاڵایەك بە**

ڕێژەیەکی کەم بەشداری دەکات لە کۆی ناردەنیەکان واتە گرنگی ڕێژەی ناردەنی کردنی کاڵایەك لە کۆی هەموو ناردەنیەکان کەمە ، ئەمەش بە شێوەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ هەمەجۆری چالاکیەکانی بەرهەمهێنان لە وڵاتانی پێشکەوتوو ، هەروەها ئەم وڵاتانە توانایەکی ڕوونیان هەیە ( بەهێزیان هەیە ) لە قەرەبوو کردنەوە بە هۆی بوونی نەرمی لە دەزگای ( یاخود شێوازەکانی ) بەرهەمهێناندا کە وەڵامدانەوەی خێرایە بۆ گۆڕانکاریە لە ناکاوەکان کە دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر هەرگۆڕانکاریەك ( یاخود کاریگەری گۆڕانکاریەکان کەم بکاتەوە ).

بەرزی و نزمی لە داهاتی ناردەنیەکانی وڵاتانی دواکەوتوو لە کەرەستەی سەرەتایی ( زۆربەی ناردەنیەکانی وڵاتانی دواکەوتوو لە کەرەستەی سەرەتاییە ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك لە گرنگترینیان پسپۆڕی و دابەشبوونی نێودەوڵەتی کە ئەمەش –پسپۆڕی و دابەشبوون- دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك ) دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی و نزمی لە قەبارەی ( بڕی ) ئەم ناردەنیانە یاخود لە نرخەکانیان وە یاخود بەرزی و نزمی لە هەردووکیان بەیەکەوە – بڕ و نرخ – دواییش لە بەرزی و نزمی کۆی بەهای هەموو ناردەنیەکان .

بەرزی و نزمی لە داهاتی ناردەنیەکان لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لە کەرەستەی سەرەتایی بەشێکی پەیوەستە بە ماوەی کورت خایەن وە بەشێکی پەیوەستە بەماوەی درێژخایەن ، لە ماوەی کورت خایەن بازاڕی نێودەوڵەتی بۆ ناردەنیەکان لە کەرەستەی سەرتایی ڕووبەڕووی بەرزی و نزمی دەبێتەوە لە بڕی ناردەنیەکانی وە نرخی ناردەنیەکانی ، وە ئەم بەرزی و نزمیەی کە لە ماوەی کورت خایەندا ڕوودەدات هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارەکانی پەیوەست بە خواست وە هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارەکانی پەیوەست بە خستنەڕوو ، سەبارەت بە خواست ئەوە هۆکاری سەرەکی کە قەبارەی ( بڕی ) خواست وە ڕێژەی ناردەنیەکان لە کەرەستەی سەرەتایی و نرخەکان دیاری دەکات دواییش کۆی داهاتی ناردەنیەکان بریتیە لەو خواستەی کە دەبێتە بنەما لە ئابووری وڵاتانی پێشکەوتوو کە خۆی دەبینێتەوە لە ئاستی چالاکیەکانی ئابووری لەم وڵاتانە وە پێویستیان بەم ناردەنیانە ( مەبەست ناردەنی وڵاتانی دواکەوتووە ) ، وە دیارە زۆرێك لە ئابووری وڵاتانی پێشکەوتوو ڕووبەڕووی بەرزی و نزمی دەبێتەوە لە قەبارەی چالاکیەکانی ئابووری، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕوودانی بێ بازاڕی دواییش کەم بوونەوەی خواست لەسەر کەرەستەی سەرەتایی کە هاوردەی دەکەن لە وڵاتانی دواکەوتوو ، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بڕی ناردەنیەکانی وڵاتانی دواکەتوو بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو هەروەها کەمبوونەوەی نرخەکانیان ، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی ناردەنیەکان و دواییش کاریگەری دەبێت لەسەر ئابووری وڵاتانی دواکەوتوو .

بەڵام ئەو هۆکارانەی کە پەیوەستن بە خستنەڕوو خۆی دەبینێتەوە لە : دیارە زۆربەی کەرەستەی سەرەتایی کە ناردەنی دەکرێت لە وڵاتانی دواکەوتوو بەروبوومی کشتوکاڵیە ( لە هەندێك لە

وڵاتان )، وە بەشێکی زۆر لە بەروبوومی کشتوکاڵی ڕووبەڕووی هۆکارەکان و بارودۆخی سروشتی و کەش و هەوا دەبنەوە وە مرۆڤ ناتوانێت زاڵ بێت بەسەر ئەم جۆرە بارودۆخانە ( بەگشتی ) وەکو پلەی گەرمی و شێ و باران وئاو و وشکەساڵی ... هتد هەروەها نەرمی خستنەڕووی نزمە ئەویش بە هۆکاری سروشتی بەرهەمهێنان لە کشتوکاڵدا ، چونکە تایبە تمەندیەکانی خۆی دەبینێتەوە لە : بەرهەمی هەندێکیان پێویستی بە ماوەیەکی درێژ هەیە ( یاخود درێژی ماوەی بەرهەمهێنان ) ، هەروەها یەکەکانی ( پرۆژەکانی ) بەرهەمهێنان بچووکن و ناتوانن بە خێرایی وەڵامی گۆڕانکاریەکان بدەنەوە وە هەروەها هەندێك لە بەرهەمهێنەکان هەوڵدەدەن ئەو نرخانەی کە لە بازاڕدا هەیە سوودی لێ وەربگرن بۆ داهاتوو وەکو پێشبینی ئەمەش دەبێتە هۆی ڕوودانی بەرزی و نزمی لە بەرهەم کاتێك نرخی بەرهەمێکی دیاریکراو بەرز دەبێتەوە ئەوە بەرهەمهێنەکان بە ئاراستەی بەرهەمی ئەو دەچن بە بەرفراوان بوون لە بەرهەمهێنان لە وەرزی داهاتوو ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی خستنەڕوو و نزمبوونەوەی نرخەکەی، وە بە پێچەوانەش ڕوودەدات کاتێك نرخی بەرهەمێکی دیاریکراو نزم دەبێتەوە وە نابێتە هاندەر بۆ ئەوەی لە وەرزی داهاتوو بڕی بەرهەمەکەی بەرفراوان بکرێت ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی خستنەڕووی و بەرزبوونەوەی نرخەکەی هەموو ئەمانە دەبنە هۆی بەرزی و نزمی لە داهاتی ناردەنیەکان .

بەڵام لە ماوەی درێژخایەندا ئەوە بەرزی و نزمی لە بازاڕی ناردەنیەکان لە کەرەستەی سەرەتایی خۆی دەبینێتەوە لە نزمبوونەوەی تێکڕای زیادبوون لە خواست لەسەر کەرەستەی سەرەتایی ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆرێك لە کاڵاکانی ناردەنی کراو کاڵای خۆراکین ، بۆیە دەتوانین هۆکارەکانی بەم شێوەیە دیاری بکەین :

A. خواست لەسەر کاڵاکانی خۆراکی زیاد نابێت بەهەمان ئەو ڕێژەیەی کە داهات زیاد دەبێت ، بەڵکو بە ڕێژەیەکی کەمتر بە تایبەتی لە وڵاتانی پێشکەوتوو.
B. بەرەو پێشچوونی تەکنەلۆجی و زیادبوونی لێهاتوویی کرێکاران و لێهاتوویی کارگێڕی و ڕێکخستن بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی لێهاتوویی بەرهەمداری ، ئەمەش دەبێتەهۆی ( بۆتەهۆی ) نزمبوونەوەی بەشی یەك یەکە لە بەرهەمەکان لەکەرەستەی سەرەتایی کە بەکاردەهێنرێت لە بەرهەمهێناندا ( لە بەرهەم هێنانیدا ) .
C. بەرەو پێشچوونی وڵاتانی پێشکەوتوو وایکردووە کە ئەم وڵاتانە دەستەبەری چەند جێگرەوەیەکی پیشەسازی بکەن کە قەرەبووی دەکاتەوە لە جیاتی هاوردەکردن لە وڵاتانی دواکەوتوو بە شێوەیەکی کەرەستەی سەرەتایی سروشتی وەکو بەرهەمهێانی لاستیك و ئاوریشمی پیشەسازی لە جیاتی لاستیك و ئاوریشمی سروشتی .
D. وڵاتانی پێشکەوتوو توانیویانە بەرهەمیان زیاد بکەن لە ڕێگای بەرزکردنەوەی لێهاتوویی بەرهەمداری یاخود لە ڕێگای بەرفراوان کردن لە بەرهەمهێنان ، ئەمەش بۆتە هۆی کەمبوونەوەی

پێویستیان بۆ هاوردەکردن ( مەبەست کەمبوونەوەی بڕی پێویست لە کەرەستەی سەرەتایی هاوردەکراو ) لە دەرەوە .

E. دامەزراندنی بازاڕی هاوبەش لە نێوان وڵاتانی پێشکەوتوو بۆتە هۆی ئەوەی کە پشت بە یەکتری ببەستن لە ئاڵوگۆڕدا لە نێوان خۆیاندا لە بواری ( لایەنی ) پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان لە کەرەستەی سەرەتایی سەرەڕای دانانی کۆت لە بەرامبەر بەرفراوانبوونی ناردەنیەکانی وڵاتانی دواکەوتوو لە کەرەستەی سەرەتایی ، ئەمەش بۆتە هۆی نزمبونەوەی تێکڕایی زیادبوون لە ناردەنیەکانی وڵاتانی دواکەوتوو لە کەرەستەی سەرەتایی دواییش نزمبوونەوەی داهاتی ئەم ناردەنیانە بە دراوەکانی بیانی . ( مەبەست کەمبوونەوەی داهاتی ناردەنیەکانە بە دراوی بیانی وەکو دۆلار ... هتد ) .

بەرزی و نزمی لە داهاتی ناردەنیەکانی ولآتانی دواکەوتوو لە کەرەستەی سەرەتایی کاریگەری بەرچاوی هەیە ( مەبەست زۆر خراپی هەیە ) لەسەر ئاستی چالاکیەکانی ئابووری ، وە نزمبوونەوەی ئەو داهاتە دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی داهاتی بەرهەمهێنەکان ، نزمبوونەوە لە داهاتی وڵاتان ، نزمبوونەوەی ئاستی خەرجی کەرتی تایبەت و کەرتی حکومی ، نزمبوونەوە لە خواست، نزمبوونەوەی قەبارەی بەگەڕخستن و وەبەرهێنان ، نزمبوونەوەی پاشەکەوت و وەبەرهێنان.

هەروەها بەرزی و نزمی لە داهاتی ناردەنیەکان لە کەرەستەی سەرەتایی کاریگەری هەیە لەسەر پلانەکانی گەشەپێدانی ئابووری وە دەبێتە هۆی لاوازبوونی تواناکان بۆ بەردەوامبوون بەم شێوەیەی کە پلانی بۆ داڕێژراوە بۆچی؟ چونکە ئەم بەرزی و نزمیە دەبێتە هۆی ( لەکاتی نزمبوونەوەی داهاتی ناردەنیەکان ) وەستانی هەندێك لە پڕۆژەکان و تەواونەکردنیان ، ئەمەش دەبێتە هۆی پاڵە پەستۆیەك لەسەر ئەم پلانانە لە دەرئەنجامدا بەیەکەوە هاتنەوە ( یاخود کەمبوونەوەی ) هەندێك لە پڕۆژەکان لە ڕێگای دوورخستنەوەیان یاخود هەر لەسەرتاوە هەندێك لە پڕۆژەکان دانانرێن لە پلانەکان هەموو ئەمانە دەبنەهۆی بەیەکەوە هاتنەوەی ( یاخود کەمبوونەوەی ) پلانەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی چالاکیەکانی ئابووری ئەویش بە هۆکاری دانەنان یاخود دوورخستنەوە وە یاخود تەواونەکردنی هەندێك لە پڕۆژەکان کە لەوانەیە بەشداری بکەن لە زیادکردنی بەرهەم و دەستەبەرکردنی داهات ، هەروەها چەند کاریگەریەکی ناڕاستەوخۆش هەن کە خۆی دەبینێتەوە لە : پێداویستیەکانی نێو پلانەکان زۆربەیان پەیوەندیان هەیە بە یەکەوە ( مەبەست ئەوەیە هەندێك لە پڕۆژەکانی نێو پلانەکان پێداویستی پڕۆژەی تر دابین دەکەن، بە مانایەکی تر بەرهەمی هەندێك پڕۆژە دەبێتە پێداویستی بەرهەمهێنانی هەندێك پڕۆژەی تر ) ، ئەمەو

دانەنان یاخود دوورخستنەوە وە یاخود تەواوتەکردنی هەندێك لە پرۆژەکان کاریگەری دەبێت لەسەر پرۆژەکانی تر کە پەیوەندیان هەیە لەگەڵ یەکتری چ بە پەیوەندی پاشیینە بێت یاخود بە پەیوەندی پێشینە بە مانایەکی تر چ لە میانەی دابینکردنی پێداویستیەکان بێت بۆ بەرهەمهێنان یاخود بە بەکارهێنانی بەرهەمەکان .

دووەم : دیاردەکانی نائابووری بۆ دواکەوتوویی

1. بەرزی چڕی دانیشتوان ( پاڵە پەستۆی- فشاری دانیشتوان ) : زۆرێك لە ئابووریناسان پێیان وایە کە بەرزی تێکڕای گەشەی دانیشتوان یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی دواکەوتوویی ، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی بێکاری و زیادبوونی بڕی بەکاربردن دوایش بە نێویەکداچوونەوەی ( کەم بوونەوەی ) هەلەکانی پاشەکەوتکردن و وەبەرهێنان ، ئەمەش تێکڕای گەشەی ئابووری کەم دەکاتەوە بە پێچەوانەوەی ئەوەی کە ڕوودەدات لە وڵاتانی پێشکەوتوو کە بە دوای زیادبوونی دانیشتوان دەگەڕێن بۆ ئەوەی هێزی کار زیاد بێت ( مەبەست ئەوەیە وڵاتانی پێشکەوتوو دەیانەوێت ژمارەی دانیشتوان زیاد بیت تاوەکو هێزی کار زیاد بێت ). وە هەندێك لە ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تێکڕای گەشەی دانیشتوان لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو گەیشتۆتە – یەکسانە بە ( 2,5٪ ) ئەمەش زۆر بەرزە بە جیاوازی پێکردن بە وڵاتانی پێشکەوتوو کە گەیشتۆتە – یەکسانە بە ( 1,5٪ ) .

وە هۆکارەکانی بەرزی چڕی دانیشتوان ( پاڵە پەستۆی دانیشتوان ) دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ڕێژەی لە دایکبوون لە لایەك ، وە نزمی ڕێژەی مردن لە لایەکی تر ئەویش دەگەڕێتەوە ( مەبەست بەرزی چڕی دانیشتوانە ) بۆ باش بوونی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی وە زوو هاوسەرگیری کردن و فرەژنی .

لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت ئەویش بریتیە لە : مەبەست چییە لە بەرزی چڕی دانیشتوان ( پاڵە پەستۆی دانیشتوان ) ؟ بەرزبوونەوەی چڕی دانیشتوان ( پاڵە پەستۆی دانیشتوان ) چەند لایەنێکی هەیە لەوانە بوونی قەبارەیەك ( ژمارەیەك ) لە دانیشتوان زیاتر بێت لە باشترین قەبارەی ( ژمارەی ) دانیشتوان .

هەروەها پرسیارێکی تر دروست دەبێت ئەویش بریتیە لە : مەبەست چیە لە باشترین قەبارەی ( ژمارەی ) دانیشتوان ؟ باشترین قەبارەی (ژمارەی ) دانیشتوان بریتیە لەو قەبارەی ( ژمارەی ) دانیشتوان کە گونجاوە لەگەڵ قەبارەی –بڕی ( موارد )ەکانی ئابووری کە لە ژێر دەستدایە لە بارودۆخێکی دیاریکراو و ئاستێکی دیاریکراو لە بەرەو پێشچوونی تەکنەلۆجی وە ئاستێکی دیاریکراو لە بەگەڕخستنی ( موارد )ەکان ، ئەمە مانای وایە لەوانەیە وڵاتێك بناڵێنێت بەدەست بەرزی چڕی دانیشتوان ( پاڵە پەستۆی دانیشتوان ) هەتا ئەگەر لە ( موارد )ەکانی ئابووریش فرەیی هەبێت ( زۆر بێت ) بەڵام ئاستی بەرەو پێشچوون و ئاستی ئەو تەکنەلۆجیایەی کە بەگەڕخراوە وە ئەو بارودۆخەی کە لە چواردەوری چالاکیەکانی ئابووریدان ( هەموو بارودۆخێك ئابووری ، سیاسی ، ...هتد ) ڕێگای نەدا ( هەلی نەڕەخساند ) کە بەگەڕخستنێکی تەواو و لێهاتوو ئەنجام بدرێت بۆ

( موارد )ەكان ئەوا ناتوانێت هەلی كار بڕەخسێنێت وە ئاستێكی گونجاو بۆ خۆشگوزەرانی دانیشتوانەكەی دەستەبەر بكات .

ئەمە و بەرزی ڕێژەی لە دایكبوون و نزمی ڕێژەی مردن وادەكات پەیكەری تەمەن ( مەبەست دابەشبوونی كۆمەڵگایە بە گوێرەی تویَژەكانی تەمەن ) ڕێژەی تەمەنی بچووك ( مەبەست لە خوار تەمەنی كاركردنە ) و پیرەكان ( مەبەست لە سەرووی تەمەنی كاركردنە ) زیاتر بەخۆیەوە ببینێت ، ئەمەش دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی ئاستی بەشی تاك لە بەرهەمی نەتەوەیی ، وە دواییش دەبێتە كۆسپێكی گەورە لە ڕێگای دەستەبەركردنی گەشە پێدانی ئابووری بۆ ( لە ) وڵاتانی تازە پێگەیشتوو .

وە دیارترین كاریگەریەكانی بەرزبوونەوەی چڕی دانیشتوان ( پاڵە پەستۆی دانیشتوان ) لەسەر ( موارد )ەكانی ئابووری كە هەن ( كە لە ژێر دەستدایە ) بۆ ( لە ) دەوڵەت بریتیە لەمانەی خوارەوە :

A. ئاراستەكردنی – بەگەڕخستنی ( موارد )ەكانی ئابووری بەرەو بوارەكانی خزمەتگوزاری بۆ وەڵامدانەوەی ( پڕكردنەوەی ) ئەو پێداویستیانەی دانیشتوان كە زیاد بووە لەم خزمەتگوزاریانە جا چ ئەم خزمەتگوزاریانە پەیوەست بێت بە دابینكردنی شوێنی نیشتەجێبوون ( خانووبەرە ) و گەیاندن، یاخود خزمەتگوزاریەكانی تەندروستی و فێركردن و خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەكانی تر ، ئەمەش ئەنجام دەدرێت لەسەر حسابی توانای دەوڵەت بۆ دامەزراندنی پڕۆژەكانی وەبەرهێنانی بەرهەم ( وەبەرهێنانی ڕاستەقینە ) كە دەكرێت بەشداری بكات لە زیادكردنی بەرهەم و داهات .

B. زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان لە بارودۆخێك كە وزەی ( توانای ) بەرهەمهێنان لاواز بێت ( نەتوانێت ) پێداویستیەكانی بەكاربردن دابین بكات بۆ ئەم زیادبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان ئەوە وا لە ئابووری ( مەبەست دەوڵەتە ) دەكات كە هاوردەی ئەم پێداویستیانە بكات ، ئەمەش دەبێتە هۆی پاڵە پەستۆ ( فشار ) لەسەر تەرازووی پێدان و بەكاربردنی ( خەرج كردنی ) دراوی بێگانە كە بوونی دەگمەنە بە ئامانجی بەكاربردن ( مەبەست بۆ كاڵای بەكاربردن ) لە جیاتی بەكارهێنانی بۆ هاوردەكردنی پێداویستیەكانی وەبەرهێنان ، دواییش لەوانیە ( دەكرێت ) كورت هێنان ڕووبدات لە تەرازووی پێدان.

C. وادەكات توخمی كار فرەبێت ( زۆر بێت ) لە چوارچێوەی توخمەكانی كە بەكاردەهێنرێت لە چالاكیەكانی بەرهەمهێناندا ، ئەمەش دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی بەرهەمداری كار و نزمبوونەوەی داهاتەكەی ، وە بڵاوبوونەوەی بێكاری لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵگا لەوانەش بێكاری شاراوە

لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەوانەی ڕابردوو دەتوانین پرسیارێك بكەین ئەویش بریتیە لە : دیارترین كاریگەریەكانی بەرزبوونەوەی چڕی دانیشتوان ( پاڵە پەستۆی دانیشتوان ) چیە لەسەر چالاكیەكانی ئابووری بەگشتی ؟

دەتوانین دیارترین كاریگەریەكانی بەرزبوونەوەی چڕی دانیشتوان ( پاڵە پەستۆی دانیشتوان ) لەسەر چالاكیەكانی ئابووری بەشێوەیەكی گشتی دیاری بكەین لە میانەی ئەم خاڵانەی خوارەوە :

A. کۆسپ دادەنێت لە بەردەم چالاکیەکانی گەشەی ئابووری و گەشە پێدانی ئابووری: چونکە دەبێتە هۆی ئاراستەکردنی – بەگەڕخستنی (موارد)ەکانی ئابووری کە لەبەردەست دایە بۆ بوارەکانی خزمەتگوزاری لەسەر حسابی بوارەکانی وەبەرهێنانی بەرهەم (وەبەرهێنانی ڕاستەقینە ) ، سەرەڕای نزمبوونەوەی بەشی تاك لە داهات، دوایی نزمبوونەوەی خواست لە بازاڕ ، وە دواییش نزمبوونەوەی بەرهەمی نەتەوەیی و داهاتی نەتەوەیی .

B. هەژاری : هەژاری بارگرانیەکەی دەکەوێتە ئەستۆی هەژاران چونکە خاوەنداریەتی زەویان نیە – زەوی ناکەن (بەشێوەیەکی گشتی ) وە دەناڵێنن ( یاخود بێ بەشن) لە بیمەی تەندروستی و پرۆگرامەکانی خوێندن وە بەم شێوەیە ( هەروەها ) لە بیمەکانی تر .

C. فێربوون : نزمبوونەوەی ( کەمبوونەوەی) هەلی فێربوون، بە مانایەکی تر دروست بوونی کۆت لە بەردەم باوکەکان بۆ فێرکردنی منداڵەکانیان .

D. تەندروستی : بەرزبوونەوەی ڕێژەی لە دایك بوون دەبێتە هۆی لاوازی لە تەندروستی دایکان و منداڵان ، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ترسناکی لەسەر تەندروستی ژنان لە کاتی دووگیانیدا .

E. خۆراك : دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی ( کەمبوونەوەی) بەشی تاك لە خۆراك هەروەها جۆری خۆراك دوایيش خراپ بوونی باری تەندروستی .

F. وێرانکردنی ( پیسبوونی) ژینگە : دەبێتە هۆی وێرانکردنی ( پیسبوونی ) ژینگە ئەویش لە میانەی پیسبوونی ئاو و هەوا و وێرانکردنی چینی ئۆزۆن و نزمبوونەوەی ( کەمبوونەوەی ) سامانی ماسی و ئاژەڵی و جە نجاڵ بوونی شارەکان .

G. کۆچی نێودەوڵەتی : دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆچی نێودەوڵەتی ئەویش لەبەر کەمبوونەوەی هەلی کار، لێردا ئەم کۆچە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر هەندێك لە تێچوونەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە ئاستێك دەبێتە هەڕەشە لەسەر داهاتووی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ( لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە کۆچ دەکرێت ڕەنگدانەوەی باشی هەبێت ئەویش لە میانەی ناردەنی کردنەوەی داهاتی کۆچبەران بۆ وڵاتی دایك – وڵاتی خۆیان ).

2. نزمی ئاستی تەندروستی : نزمی ئاستی تەندروستی لە ژمارەیەك لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دادەنرێت بە یەکێك لە تایبە تمەندیە دیارەکان بە جیاوازی پێکردن لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو ، وە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو تا ئێستاش چەندین ( زۆرێك ) نەخۆشی بڵاوبوونەتەوە وەکو مەلاریا ئەویش بەهۆکاری خرا پی ( خرا پبوونی ) بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری ( گوزەرانی ) و خرا پی ژینگە و نەبوونی ئاوی پاك بۆ خواردنەوە وە بڵاوبوونەوەی گیانلەبەری بەرەڵا ( مەبەست لەو ئاژەڵانەیە کە هیچ لایەنێك چاودێریان ناکات ) ، سەرەڕای کەمی کادری تەندروستی لە پزیشکان و یاریدەدەرانی پزیشکی و تەکنیکەکان ( مەبەست لە تەکنیکەکان ئەوانەی لە بواری ئامێرەکانی تەندروستی کار دەکەن )، وە هەندێك لە ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەر یەك پزیشك

**له هندستان بەرامبەر ( 25000 ) كەسە ، وە له تشاد هەر یەك پزیشك بەرامبەر ( 22230 ) كەسە ، وە ڕێژەی خەرجی گشتی ( مەبەست له بڕگەكانی خەرجی بودجەیە ) لەسەر كەرتی تەندروستی له كۆی بەرهەمی ( داهاتی ) ناوخۆیی یەكسانە بە ( 2,5٪ ) وە ( 6,3٪ ) له هەریەكێك له هندستان و تشاد بە دوای یەكدا .**

3. **بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و نزمی ئاستی فێربوون : ئەم دیاردەیە یەكێكە له دیاردەكان كە زۆر بڵاوە ( یاخود له دیاردەكانی تر زیاتر بڵاوە ) له وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بە تایبەتی له نێوان كەسە بە تەمەنەكان . وە هەندێك له ئامارەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە ڕێژەی خوێندەواران ( تەنها خوێندنەوە و نووسین ) له نیجیر یەكسانە بە ( 20٪ ) ئەمە مانای ئەوەیە كە ڕێژەی نەخوێندەواری یەكسانە بە ( 80٪ ) له نێوان كەسە بە تەمەنەكان ، وە له هەر یەكێك له یەمەن و سەنیگال ئەم ڕێژەیە یەكسانە بە – یاخود نزیكە له ( 60٪ ) ، وە هیچ ڕێژەیەك نیە له زانایان و پسپۆڕان له هەر یەكێك له یەمەن و سەنیگال و اوغندە. سەرەڕای ئەوەی قوتابیانی ( فێرخوازانی ) ئەم وڵاتە دواكەوتوانە زیاتر بەرەو خوێندنی وێژەیی دەچن نەوەك خوێندنی زانستی ، وە ڕێژەی دەرچووانی كۆلێژەكانی زانستی له یەمەن له كۆی دەرچووان یەكسانە بە ( 3٪ ) وە له نیجر یەكسانە بە ( 4٪ ) .**

## ڕاڤەکردنی ( لێکدانەوەی ) دواکەوتوویی ئابووری

چەند بیردۆزەیەك هەیە کە لێکدانەوەیان ئە نجامداوە بۆ دواکەوتوویی ئابووری ئەویش بە گوێرەی شێوازی لێکۆڵینەوە لە هۆکاری دواکەوتویی ، وە لە گرنگترین ئەم لێکدانەوانە لێکدانەوەی ئابووری ، لێکدرانەوەی جوگرافی ، لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی ، لێکدانەوەی مێژوویی .

## یەکەم : ڕاڤەکردنی ( لێکدانەوەی ) ئابووری

ئەم لێکدانەوەیە گرفتی دواکەوتوویی دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکارەکانی ئابووری ، وە گرنگترین لێکدانەوەکانی ئابووری بۆ دواکەوتوویی خۆی دەبینێتەوە لەمانەی خوارەوە :

1. بیردۆزی بازنەی داخراو : نوسەرانی ( مەبەست ئەو ئابووریناسانەی کە لایەنگری ئەم بیردۆزەن ) بازنەی داخراو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئابووری وڵاتانی دواکەوتوو بەندە بە زنجیرەیەك بازنەی داخراو کە تێکهەڵکێشە لە هەژاری و بێ بازاڕی ، وە ئەم بازنانە هەژاری بە خاڵی سەرەتا ( دەست پێك ) دادەنێن .

ئەمەو بازنەی بنەڕەتی ( یاخود یەکەم بازنە ) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەژاری مانای ئەوەیە کە بەرهەمداری نزمە وە داهاتەکانیش نزمە ، ئەمەش وادەکات کە پاشەکەوتەکان نزم بێت دواییش دەبێتە هۆی نزمی ئاستی وەبەرهێنان وە نزمی ئاستی وەبەرهێنان دەبێتە هۆی کەمی لە سەرمایە گوزاری کە بەردەوامی لە هەژاریدا بەدوای خۆیدا دەهێنێت .

وە بازنەیەکی تر جەخت لەسەر ڕۆڵی خواست دەکاتەوە لە گەشە پێدانی ئابووری ، ئەمە و هەژاری هۆکارە بۆ نزمی ئاستی کۆی خواستی هەمووەکی ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەگمەنی هەیە لە هەلی وەبەرهێنانی قازانج بەخش و دواییش کەمی لە وەبەرهێنانەکان .

بەم شێوەیە خاوەنانی ( لایەنگرانی ) ئەم لێکدانەوەیە پێیان وایە کە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو دەستەوەستانن ( هیچیان لە باردا نیە ) بۆ شکاندنی ئەم بازنانە ، چونکە چەند هۆکارێك هەن بە بەردەوامی دووبارە دەبنەوە وە دەبێتە هۆی بەردەوامی دواکەوتوویی .

ئەو ڕەخنەیەی کە ئاراستەی ئەم لێکدانەوەیە دەکرێت ئەوەیە کە یەك لایەنیە ( مەبەست ئەوەیە هۆکاری دواکەوتوویی دەگەڕێتەوە بۆ یەك لایەن ) ، وە هۆکاری دواکەوتوویی دەگەڕێنێتەوە بۆ کەمی یەکێك لە توخمەکانی بەرهەمهێنان بە چەمکی سەرمایەگوزاری ( لە دیدگای سەرمایەگوزاری ) کەچی ( لەکاتێکدا )دیاردەی دواکەوتوویی گشتگیرە وە پەیوەستە بە زۆر هۆکار ( بەچەندین هۆکار ) .

ئەم بۆچوونە ( ئەم دیدگایە ) وای لە خاوەنانی ( لایەنگرانی ) لێکدانەوەکە کرد کە چەند دەرەنجامێك دابرێژن ( بەچەند دەرئەنجامێك بگەن ) کە ڕوون و ئاشکرا نەبێت ( مەبەست ڕێگا چارە زۆر دژوار بێت ) و دواکەوتوویی وەکو خۆی بمێنێتەوە وە پێیان وایە وڵاتانی دواکەوتوو ناتوانن دواکەوتوویی کۆتایی پێ بهێنن تەنها لە ڕێگای پشت بەستان بە سەرمایەی بیانی ، یاخود لە میانەی هاندانی دروستکردنی جیاوازی لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگا لە ڕووی داهاتەوە بۆ ئەوەی چەند توێژێك دروست ببێت کە داهاتیان زۆر بەرز بێت و ئارەزوویان هەبێت بۆ پاشەکەوتکردن بە ئاستی بەرز ( بڕێکی زۆر ) بە جیاوازی پێکردن بە توێژەکانی تر .

2. <u>بیردۆزی لنبشتاین لە هاوسەنگی سەقامگیر :</u> ناوەڕۆکی ئەم بیردۆزەیە لەوەوە دەست پێ دەکات کە وڵاتانی دواکەوتوو لە حاڵەتی هاوسەنگی نیمچە سەقامگیرن ( نیمچە جێگیرن ) ، بە مانایەکی تر هەر کۆششێکی گەشەکردن ( هەر کۆششێك بۆ گەشەکردن ) دەبێتە هۆی ڕوودانی ناهاوسەنگی ( لەنگی –لاسەنگی ) لەم هاوسەنگیە وە دروست بوونی چەند هێزێك بە ئاراستەیەك دژی ئاراستەکەی تر ( مەبەست ئاراستەی کۆششی گەشەکردنە )، ئەمەش وادەکات ئەو هاوسەنگیەی کە نیمچە سەقامگیر بوو ( نیمچە جێگیربوو ) جارێکی تر بگەڕێتەوە ( دووبارە ببێتەوە ) ، واتە چەند هێزێك هەیە کە هاندەرە بۆ گەشەی ئابووری کە ناهاوسەنگی ( لەنگی – لاسەنگی ) دروست دەکات لە هاوسەنگی یەکەم کە هاوسەنگی نیمچە سەقامگیرە ( نیمچە جێگیرە ) ، بەڵام ئەم ناهاوسەنگیە دەبێتە هۆی گەڕانەوە ( دووبارە بوونەوە ) لە بارودۆخی هاوسەنگی پێشتر ( مەبەست یەکەم هاوسەنگی کە نیمچە سەقامگیرە – نیمچە جێگیرە ) ، بەڵام دەرئەنجامی کۆتایی دەوەستێتەسەر ( پشت دەبەستێت بە ) ڕێژەی هێزەکان بۆ هەریەکێك لە هێزی هاندەر و هێزی کۆسپ ( بەربەرست ) بۆ گەشەی ئابووری ).

وە بۆ ئاسانکاری بابەتەکە ئەم بیردۆزەیە ئەم گریمانانەی داناوە :

A. وەبەرهێنانی داناوە بە هێزی پاڵنەر ( هاندەر ) بۆ گەشەی ئابووری بە شێوەیەك هەر زیادبوونێك ڕوودەدات لە تێکڕای وەبەرهێنان دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاستی داهات .
B. گەشەی دانیشتوانی داناوە بەهێزی کۆسپ (بەربەست ) چونکە زیاد بوونی بڕی بەکاربردن توانای کەڵەکەبوونی سەرمایە و پاشەکەوت لەناودەبات .

3. <u>بیردۆزی کاریگەری پاشینە ( مێردال ) :</u> ئابووریناس مێردال پێی وایە ( وای دەبینێت) هەر لەگەڵ دەستەبەرکردنی گەشە پێدانی ئابووری لە یەکێك لە بەشەکانی جیهان ( مەبەست لە هەندێك لە وڵاتان ) کاریگەری دەبێت بە هەژارکردنی بەشەکانی تر لە جیهان ( مەبەست هەژارکردنی وڵاتانی ترە) بە مانایەکی تر هەرچەندە وڵاتانی پێشکەوتوو گەشەیان زیاتر بکەن ( زیاتر گەشە بکەن ) ئەوا وڵاتانی دواکەوتوو دواکەوتوویان زیاتر دەبێت ( زیاتر دوادەکەون ) یاخود پاشەکشە دەکەن .

له کاتێکدا هەندێکی تر ( هەندێك ) له ئابووریناسان بۆچوونی پێچەوانەیان هەیە بۆ ئەم بۆچوونە ، لەوانە ئابووریناس بول باران کە پێی وایە ڕوودانی (دەستەبەرکردنی ) گەشە پێدانی ئابووری لەهەر شوێنێك لە جیهان کاریگەری باشی دەبێت وە شوێنەکانی تریش دەگرێتەوە ، بە مانایەکی تر ڕوودانی ( دەستەبەرکردنی ) گەشە پێدانی ئابووری لە وڵاتێك وادەکات خواست زیاد ببێت لەسەر هاوردەکردن وە جوڵەکردنی ( بەگەڕخستنی ) سەرمایە بەرەو وەبەرهێنان دەچێت لە دەرەوە ( دەرەوەی وڵات )، بەمەش بازرگانی نێودەوڵەتی کارا دەبێت ( برەوی پێ دەدرێت ) ، دواییش وادەکات کاریگەریەکە بە باشی بڵاوببێتەوە بەسەر وڵاتاندا .

## دووەم : ڕاڤەکردنی ( لێکدانەوەی ) جوگرافی

ئەم لێکدانەوە پەیوەستە بە جۆری ( موارد )ەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لەبەر دەستدایە لە وڵاتێك وە لێکدانەوە دەکات بۆ دەگمەنی ( موارد )ەکان یاخود ئایا بە پێی پێویستە یان نا بۆ دەستپێکردن بە قۆناغی دەرچوون ( مەبەست یەکەم قۆناغی گەشە پێدانە ) ، سەرەڕای کاریگەری هۆکارەکانی تری کەش و هەوا ، ئەمە و دیارترین ( بەناوبانگترین ) ئەو کەسانەی ئەم لێکدانەوەیە دەکەن بریتیە له ئابووریناس لاسکۆت کە پێی وایە هۆکاری بنەڕەتی (سەرەکی ) بۆ دواکەوتوویی پەیوەستە بە نەبوونی ( موارد ) ەکانی ئابووری بە پێی پێویست بۆ ئەم وڵاتانە ( وڵاتانی دواکەوتوو ) وە هەروەها بۆ خراپی بەکارهێنانی ( موارد )ەکان ، لەمەش پشت دەبەستێت بە تاقیکردنەوەی شۆڕشی پیشەسازی کە ڕوویدا لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەویش بەبوونی بارودۆخێکی گونجاو لە ڕووی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی وکەش و هەوا و سروشت ، بەمەش ( مەبەست بە دەرئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی ) وای بۆ دەچێت ( پێی وایە ) دواکەوتنی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئامادەسازی تەواو ( پێ نەگەیشتنی) ئەم بارودۆخانە لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو ئەمەش وادەکات ئەنجامدانی شۆڕشی پیشەسازی دوابکەوێت .

وە خاوەنانی ( لایەنگرانی ) ئەم لێکدانەوەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە گرفتی دواکەوتوویی ئابووری زیاتر لەم وڵاتانە دەبێت کە لە نێوان پلەی (30 ) لە باکور و باشوری هێڵی کەمەرەیی ( هێڵی یەکسانی ) گۆی زەوین، ئەویش بریتیە لەو ناوچانەی کە ڕووبەڕووی کەمی باران و بەرزی پلەی گەرمی دەبنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی بەرهەمداری کار .

ئەو ڕەخنەیەی کە دەتوانرێت ئاراستەی ئەم لێکدانەوەیە بکرێت بریتیە لە کورت کردنەوەی هۆکارەکانی دواکەوتوویی لەسەر هۆکارەکانی سروشتی ، وەکو بارودۆخەکانی کەش و هەوا و ئاستی ( بڕی ) بوونی (موارد )ەکان ، و ئامادەسازی تەواو ( پێگەیشتنی تەواو ) بۆ شۆڕشی پیشەسازی ، هەروەها ئەو سیستەمەی کە هەیە لە وڵات ، بێ ئەوەی ئەم لێکدانەوەیە ئاماژە بکات بە ڕۆڵی پاشکۆیەتی ئابووری و دابەشبوونی نێودەوڵەتی بۆ کار ( مەبەست پسپۆڕی وڵاتان لە چالاکی بەرهەمهێناندا ) کە وایکردوە وڵاتانی داوکەوتوو ببن بە کانگا بۆ دابینکردنی

**کەرەستەی سەرەتایی پێویست بۆ بەردەوام بوونی پیشەسازی وڵاتانی پێشکەوتوو وە بازاڕێك بۆ فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی کە بەرهەمی دەهێنن .**

**سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەوە چەند ڕووداوێکی مێژوویی هەن بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە هۆکارەکانی جوگرافی بەس نین بۆ یەکلاکردنەوەی پێشکەوتنی گەلان ، بۆ نمونە بەریتانیا و یابان ئەوەندە کەرەستەیان نیە ( مەبەست لە بڕەکەیە ) لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتانی پیشەسازین وە لە جۆری یەکەم ( مەبەست لە ڕیزی پێشەوەن لە وڵاتانی پیشەسازی ) ، وە بە پێچەوانەشەوە دەبینین ژمارەیەك وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لە کیشوەرەکانی ئاسیاو ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی دەوڵەمەندن بە ( موارد )ەکانی ئابووری و سروشتی لەگەڵ ئەوەشدا دەناڵێنن بەدەست هەژاری و دواکەوتوویی ، کەواتە بۆچی ؟ هەندێك وای دەبینن ( پێیان وایە ) کە هۆکاری هەژاری و دواکەوتوویی ئەو وڵاتانە دەگەڕێتەوە بۆ بەگەرنەخستنی ( موارد )ەکانی ئابووری و سروشتی یاخود خراپ بەگەڕخستنی ( موارد )ەکانی ئابووری و سروشتی وەیاخود سوود وەرنەگرتن بە شێوەیەکی لێهاتوو لە داهاتەکانی بەگەڕخستنی ( موارد ) ەکان.**

**وەهەندێکی تر پێیان وایە هۆکاری تر هەن کۆسپ ( بەربەست ) دروست دەکەن لەبەردەم سوود وەرگرتن لە ( موارد )ەکانی ئابووری و سروشتی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو ، لەوانە :**

A. **پاشکۆیەتی سیاسی و ئابووری .**

B. **چەوساندنەوە ( استغلال )-مەبەست سوود وەرگرتنی هەندێك وڵاتە لەسەر حیسابی هەندێك وڵاتی تر : ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە هەر یەکێك لە :**

- **( استغلال )ی دارایی : ئەویش بەدیاردەکەوێت ( بەرجەستەدەبێت ) لەو بڕەی کە دەبڕدرێت لە بەرهەمی دەست هاتوو بۆ سەرمایەی بیانی لەو وڵاتەی کە وەبەرهێنانی لێکراوە ( وڵاتی تازەپێگەیشتوو )، وە بڕی ئەم بڕینانەش بریتیە لە قازانجەکان و نرخەکانی سوو وە هەروەها ئەو پارانەی کە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت ( لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو ڕەوانەی وڵاتانی پێشکەوتوو دەکرێت ) .**
- **( استغلال )ی بازرگانی : خۆی دەبینێتەوە لە شێوەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی کە نابەرامبەرە لە نێوان وڵاتانی تازەپێگەیشتوو وڵاتانی دواکەوتوو ، ئەمە و وڵاتانی پێشکەوتوو کەرەستەی سەرەتایی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بە نرخێکی کەم دەکڕن وە بەروبومەکانی پیشەسازیش لە بازاڕی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بە نرخێکی زۆر ( بەرز ) دەفرۆشن .**

C. **هێواشی گەشە : هێواشی گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان و سڕکردنیان ( مەبەست لاوازکردنە ) لێکدەدرێتەوە ( ڕاڤەدەکرێت ) یاخود دەگەڕێندرێتەوە بۆ دوو کۆمەڵە لە هۆکارەکان ( دوو جۆر لە هۆکارەکان )، ئەوانیش :**

- **هۆکارەکانی دەرەکی : وەکو زاڵبوون لەسەر کانگاکان و بیرەکان و سەرچاوەکانی پارەدارکردنی پرۆژەکان و بانکەکان لەلایەن کۆمپانیاکانی دەرەکی .**
- **هۆکارەکانی ناوخۆیی : وەکولاوازی ( سستی ) کەڵەکەبوونی سەرمایە ،یاخود ئەو هۆکارەی کە رێگانادات بە گەشەکردنی داهاتی نەتەوەیی لە سنووری ( بەگوێرەی ) تێکڕای گەشەی دانیشتوان .**

**بەم شێوەیە دەتوانین بگەین بەو دەرئەنجامەی کە هۆکارەکانی جوگرافی دەتوانن هۆکاری یارمەتیدەربن نەوەك هۆکاری بنەڕەتی لە دروستکردنی پێشکەوتن ( پێشکەوتووبوون ) یاخود دواکەوتن ( دواکەوتووبوون ) .**

## سێیەم : راڤەکردنی ( لێکدانەوەی ) کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری

**ئەوانەی بانگەوازی دەکەن بۆ ئەم لێکدانەوەیە سەرزەنشتی ( سەرکۆنەی ) ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریە دەکەن کە باوە لە وڵاتانی دواکەوتوو وە وای دادەنێن کە ئەم سیستەمە بەرپرسە لە دواکەوتوویی ئابووری ، وە لە سەرووی هەموو ئەو کەسانەی کە ئەم لێکدانەوەیە دەکات ( الراس بويك ) ە کە چەندین شیکردنەوەی ئەنجام داوە لەسەر ئەزموونی هۆڵەندا لە ئەندۆنیسیا وە گەیشتە ئەم دەرئەنجامە : شێوازەکانی ( رێگاکانی ) بەرهەمهێنان و دابەشکردنی سەرمایە کە لەلایەن کەسانی وڵاتانی رۆژئاوا بەرێوەچووە ( مەبەست لە رووی رێکخستنی چالاکیەکانە ) ئەوا لە ئەندۆنیسیا هیچ سەرکەوتنێکی بەخۆیەوە نەبینی کە شایانی باس کردن بێت ، ئەویش لەبەر نەبوونی پێداویستیەکانی ( مەبەست بنەماکانی ) کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری پێویست بۆ ئەوەی بتوانن سیستەمی سەرمایەداری رۆژئاوا لەخۆبگرن وخۆیان لەگەڵیدا بگونجێنن ، ئەویش لەبەر ئەوەی بەها سەرەکیەکانی کۆمەڵایەتی و شێوازەکانی- ئاکارەکانی( رەفتارەکانی ) کۆمەڵایەتی کە باون لە نێوان دانیشتوان نەدەگونجا لەگەڵ سروشتی شێوازەکانی هاوردەکراو لەلایەن کۆمەڵگای ئەندۆنیسیا لە رووی جۆری بەرووبووم و کاڵاکانی وڵاتانی پێشکەوتوو.**

**وە بە ئاماژەی ئاشنابوون لەسەر هەندێك لەلایەنەکانی بەها سەرەکیەکان و ئەو ئاکارانەی ( رەفتارانەی ) کە باون لە نێوان دانیشتوانی وڵاتانی دواکەوتوو کە بەشداری دەکات ( مەبەست هۆکارە ) لە بەردەوامبوونی دیاردەی دواکەوتوویی ، ئەوا دەتوانین پشت ببەستین بەم خاڵانەی خوارەوە :**

1. **نەریتەکانی کۆمەڵایەتی لەسەر خەرجی بەکاربردن ← زێدەرۆیی لە خەرجی بەکاربردن لەوانە خۆهەڵکێشان و شانازی بە خۆوەکردن ← وە خەرجی بەکاربردن ژیرانە نابێت ← بەفیڕۆچوونی ( موارد )ەکان بێ ئەوەی سوود وەربگرێت لەو کەسانەی کە داهاتیان بەرزە ( هەروەها لەو کەسانەش کە داهاتیان نزمە یاخود سنووردارە ).**

2. **هۆكارەكانی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری كاریگەری هەیە لەسەر ئاراستەكردنی پاشەكەوتەكان بەرەو بوارەكانی وەبەرهێنانی ناڕاستەقینە وەكو خانوبەرە یاخود بازرگانی وە یاخود هەڵگرتنی داهاتەكان ( لێرە مەبەست پاشەكەوت كردنی داهاتەكان نیە تاوەكو دوایی لە پرۆژەی وەبەرهێنان بەكاری بهێنن بەڵكو هەڵگرتنە –اكتناز) . وە دەتوانین بپرسین بۆ ( بۆچی لە وڵاتانی تازەپێشكەوتوو پاشەكەوتەكان ئاراستەی بوارەكانی وەبەرهێنانی ناڕاستەقینە دەكرێن )؟ هۆكارەكان خۆی دەبینێتەوە لە هەر یەكێك لە : كەمی ترسناكی لەم بوارانە ( بوارەكانی خانووبەرە و بازرگانی ) ، هەروەها نەبوونی نیگایەكی درێژخایەن ( مەبەست ئەوەیە داهاتوویی دوور فەرامۆش دەكەن ).**
3. **هۆكارەكانی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی كات ، وە سوود وەرنەگرتن لە كات بە شێوەیەكی ژیرانە .**
4. **هۆكارەكانی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەبێتە هۆی ( وادەكات ) هەڵبژاردنی ئەركەكان و سپاردنی كارەكانی كارگێڕی لە دامەزراوەكانی كەرتی گشتی – حكومی بە دوور لە لێهاتوویی بێت ، بەڵكو بە پشت بەستان بە چەند پێوەرێكی تر وەكو پەیوەندیەكانی كەسی ( تۆكمەیی لە پەیوەندی نێوان كەسەكان ) و خزمایەتی...هتد.**
5. **هۆكارەكانی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەبێتە هۆی كۆسپ لەبەردەم گۆڕانی پیشەیی و گۆڕینی شوێنی كاركردن ( ئەم جۆرە دەرئەنجامە لە هۆكارەكانی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری تا ڕادەیەك گۆڕانی بەسەردا هاتووە لە هەندێك لە كۆمەڵگاكان لەوانە لە كۆمەڵگای هەرێمی كوردستان ئەمەش ئاماژەیەكی باشە بەرەو بەرەو پێشچوون ) ، سەرەڕای ئەوەی تاكەكان بەرەو چالاكیەكانی بەرهەم هێنان ناچن كە پێویستی بە كۆششی ( هێزی ) بازوویی هەیە ( بە تایبەتی خاوەن بڕوانامەكان ) .**
6. **هۆكارەكانی كۆمەڵایەتی و ڕوشنبیری ← بێبەشبوونی ژنان لە بەشداریكردن لە چالاكیەكانی بەرهەمهێنان ( ئەم جۆرە دەرئەنجامە لە هۆكارەكانی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری تاڕادەیەك گۆڕانی بەسەردا هاتووە لە هەندێك لە كۆمەڵگاكان لەوانە كۆمەڵگای هەرێمی كوردستان )← زیاد بوونی بارگرانی لەسەر كۆمەڵگا ← كەمی پاشەكەوتەكان ← نزمبوونەوەی وەبەرهێنانەكان ← نزمبوونەوەی بەرهەم .**
7. **هۆكارەكانی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ← نزمبوونەوەی ئاستی فێربوون و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری ← نزمبوونەوەی لێهاتوویی تاكەكان .**

## چوارەم: ڕاڤەکردنی ( لێکدانەوەی ) مێژوویی یاخود دانیشتوان

تێبینی : دەتوانین سوود لە هەندێك لە چەمکەکان وەربگرین کە ئاماژەیان پێکرا لە بابەتی ( بەرزی چڕی دانیشتوان یاخود پاڵە پەستۆی دانیشتوان ).

چەندین ڕەخنە ئاراستەی لێکدانەوەی مێژوویی یاخود دانیشتوان کراوە بە بەڵگەی ئەوەی کە ژمارەیەك لە وڵاتانی ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی هەژمار دەکرێن لە وڵاتانی هەژار کەچی ( سەرەڕای ئەوەی ) گەشەی دانیشتوان پاڵە پەستۆی دروست نەکردووە لەسەر ( موارد )ەکانی ئابووری هەروەها لە هەمان کاتدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە چڕی دانیشتوان تایبەتمەندیەك نیە تەنها لکابێت بە وڵاتانی دواکەوتوو ، بەڵکو لە وڵاتانی دەوڵەمەندیش هەیە وەکو بەریتانیا ، سەرەڕای ئەمەش مێژووی ئابووری ئاماژە بەوە دەکات کە زۆرێك لە وڵاتان هانی گەشەی دانیشتوانیان داوە لە سەروبەندی گەشەکردنیان ، وە کرێکاری بیانیان هێناوە ( یاخود نیشتەجێکردووە لە وڵاتەکانیان ) بۆ دەستەبەرکردنی گەشەی ئابووری .

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە دواکەوتوویی ئابووری دەرهاوێشتەی چەند هۆکارێکە کە کاریگەریان هەیە لەسەر یەکتری لەوانە ئابووری، سیاسی ، جوگرافی ، کۆمەڵایەتی ، مێژوویی ( دانیشتوان ).